

# پیاوانێک هەن لەدەرەوە بەجۆرێک و لەماڵەوەش بەجۆرێکی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن

## رامانێک لەو پیاوانەی کە دووڕون

ئەندامانی خێـــزان بە تایبەتی هەردوو هاوسەر دەبێ هەمیشە لە خەمی پاراستنی پەیوەندییە خێزانی و كۆمەڵایەتییەكانی ناو خێزانەكەیان بن، چونكە ئەم خەمخۆرییە دەبێتـــە هۆكارێكی كاریگـــەر بۆ هێنانە كایەی خێزانێكی بەختەوەر و ئاســـوودە . بەڵام ئەم مەســـەلەیە بەهەردوو هاوسەر ئەنجام دەدرێت . لێرەدا مەبەستمان زیاتر لە رەفتاری : یەك روویی وراستگۆیی و یەك جۆر مامەڵە كردن لە دەرەوەی ماڵ و لەناو ماڵ و هاوسەنگكردنی هەڵسوكەوت كـــردن لەگـــەڵ هاوســـەر بەتایبەتیش هەلسوكەوتی پیاو لەگەڵ ژنەكەی . بەو مانایەی لەخێزانـــدا پیاوان چۆن مامەڵە دەكەن لەدەرەوەی ماڵیشدا هەمان بۆچوون و رەفتاریـــان هەبێت،نەك بەپێچەوانەوە بن . چونگە هـــە ندێ لە پیـــاوان، رەنگە رێژەشـــیان زۆر بن، لە ماڵـــەوە جۆرێ مامەڵە دەكەن و لـــە دەرەوەش جۆرێكی تر، ئینجا بۆ تاووتوێ كردنی ئەم تەوەرە بۆچونی چەند كەسێكمان وەرگرتووە:

لەمەڕ ئەم رەفتارە ناجۆرەی هەندێ لە پیاوان كە زۆر جار كێشەی كۆمەڵایەتی و خێزانیشـــی لێدەكەوێتـــەوە (چـــاوان فەخرەددین)چالاكوان لەبواری كۆمەڵگەی مەدەنیـــدا دەڵێـــت: هەندێـــك لەپیاوان بەجۆرێك لەماڵەوە مامەڵەو رەفتار دەكەن كاتێك لەدەرەوە دەیانبینیت،ســـەرت سوڕدەمێنێت، بەدەست خۆت نییـــە لـــە خۆتەوە ســـەرت سووڕدەمێنی لەم دوو روویە و دەڵێی باشە ئەم پیاوانە چۆن دەتوانن ئـــەو جۆرە ســـیناریۆیانە لـــەدەرەوەی ماڵ دروســـتبكەن؟ بەتایبـــەت لەگەڵ ژنەكانیانـــدا، هەرگیـــز كاتێـــك دانانێن بۆگفتوگۆ كردن یاخود بۆ چوونە دەرەوە بـــەڵام ئامادەیی ئەوەیان تیایە بۆ كچێك زۆربـــەی كاتەكانیان تەرخـــان بكەن و تەنانەت پێكەوە بچنە ریستورانتێك نانێك بخۆن، بەڵام پیاوی وەها ئەگەر ژنەكەی داوای لێبكات سەد بڕوبیانو دەهێنێتەوە وپێیدەڵێت : كاتم نییە.

بەڵام بەپێچەوانەوەی (چاوان) مامۆستا (رزگار جـــلال)، پێیوایـــە، كە ژنانیش هەمان رەفتاریان هەیە، بەڵام بەجۆرێكی دیكە ئەو دەڵـــێ : زۆربەی كچ و ژنی

کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٨٠٣)
٢٠١٠/١٠/٢٥
٢٦



لەبێتوانایی خۆیان دەردەخەن، خۆ ئەمە پیاوان بۆیان دروست ناکەن؟ هەرئەمە وایکردووە کە پیاوان ترسیان لەشۆفێریی و جۆری لێخوڕینی ژنان هەبێ. لەخێزانی خۆماندا ئەوەندەی من کارەکان رادەپەڕێنم و یارمەتیان دەدەم، ئەوەندە براکەم ئەو کارانە ناکات، هەربۆیە باوکم هەمیشە داوا لەمن دەکات کارێکی بۆ ئەنجام بدەم.

(شنۆ مەولودی) تەمەن ٢٨ ساڵ، کە پیشەی پەرستیارە، باس لەوە دەکات کە ژن: ئەگەر ئۆتۆمبێلی خۆی هەبێت، ئەو کارانەی پێشتر هاوسەرەکەی ئەنجامی دەدا، ئێستا خۆی دەیانکات، هاوکات قورسایی لەسەرشانی هاوسەرەکەشی لادەبات.

(هەوناز ئومێد)، کە ژنی ماڵەوەیە ڕایوایە هەبوونی ئۆتۆمبێلی تایبەت بەخۆی لەسەر رای هاوسەرەکەی بووە، بۆئەوەی خۆی بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و چاوەڕێی هاوسەرەکەی نەکات، هەرچەندە لەرووی ئابوورییەوە هیچ سەرچاوەیەکی نییە، هەردەبێت هاوسەرەکەی خەرجی بۆ بکات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەزانێت کە لەرووی کاری خێزانەوە بێ خەم دەبێت. کاتێکی زیاتریش بۆ هەردوولا دەگەڕێتەوە.

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پێوەندی هاوسەرەکان لەسەر چەند بنەمایەکی خۆشەویستی بنیاد دەنرێت، نەك لەسەر بنەمای ماددی، لەم لایەنەوە (نەوزاد ئەبوبەکر) وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی خوێندنەوەیەك بۆ ئەم لایەنە دەکات و دەڵێت: سرووشتی ژنان بەشێوەیەکە خواستی لەسەر ئەو شتانەیە کەلەکۆمەڵگەکەیدا دیار و بەرچاون، بەتایبەت ئەو شتانەی کە لەلایەن ژنانەوە پەسەندە، بەشێکی زۆری ئافرەتان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە بزانێت چی نییە لەچاو کەسانی دەوروبەری تا ئەویش بیکرێت. لەهاوڕێ کچەکانم گوێم لێبووە کە تەنیا بۆ حەز ئۆتۆمبێلیان کریوە و مۆڵەتی شۆفێریان دەرهێناوە، ئەگەرنا لەرووی ئابوورییەوە توانای دابینکردنی خەرجییەکانی ئۆتۆمۆبێلیان نییە، یاخود توانا و لێهاتوویيەکی ئەوتۆیان نییە تا بزانن ئۆتۆمبێل لێبخورن، بەڵام بەدەر لەوحاڵاتانە ئۆتۆمبێل زەروورەتێکی گرنگە بۆ ژیانی تاکەکان، وای لێهاتووە کە وەك پێداویستییەکی سەرەتایی دابنرێت بۆ ژیان، بەڵام بەڕاستیش زۆر گرنگە بەسەر ئەو حاڵەتی چاولێکەرییەدا زاڵبین.



بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com

# بەسەرهاتی ئەوئافرەتانەی کەدەبنە خۆراکی پیاوە دەوڵەمەندەکان



جێگای داخەکە دیاردەی لەشفرۆشی لای ئافرەتان لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بەشێوەیەکی زۆربەربڵاو بۆتەوە، ئافرەتە لەشفرۆشەکان ئەوکەسانەن کەلەلایەن هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەوە دەچەوسێنرێنەوەو ئازاری دەروونی وجەستەییان دەدرێت لەبەر ئەوەی کە ئەم ئافرەتانە بەدرێژای تەمەنیان لەلایەن سەرۆکی باندەکانیانەوە بۆمەبەستی لەشفرۆشی بەکاردەهێنرێن، ئەوەی ئەرکی منە لەم راپۆرتە تیشك خستنەسەر ئەوخاڵە گرنگەیە کە ئافرەتان بۆچی پەنا دەبەنە بەر لەشفرۆشی .

ئەوەی شایەنی وتنە ئەمڕۆ لەشاری هەولێردا ڕێژەیەکی زۆر لەئافرەتانی لەشفرۆش هەن کە زۆربەیان لەشارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون و بەشێکیان هاووڵاتی بیانیین و

**(ب) : ئافرەتــە لەشفرۆشــەکان ڕۆژانە تووشـــی ئازار دەبن لەلایەن ئەوپیاوانەی کە بۆکاری سێکســـی دەیانبەن.**

ئافرەتێکی شـــۆخ و شەنگی باڵا بەرز راوەســـتابووکە عـــەرەب بوو چاوەڕێی تەلەفۆنـــی کڕیارەکەی دەکـــرد بەنـــاوی (ب) خۆی بەمن ناســـاند وای دەبینی کەئەوان وەك کاڵایەکیان لیهاتـــووە لەلایەن پیاوە دەوڵەمەندەکانی لێهاتوو لەبەر ئەوەی ئەوان ڕۆژانە تووشـــی ئـــازار دەبن لەلایەن ئەو پیاوانـــەی کەدەیانبەن بۆکاری سێکســـی، زۆرجـــار بووە لەلایـــەن پیـــاوە دەوڵەمەندەکانەوە ئازاردراون بریندار کراون نەیانتوانیوە هیچ جـــۆرە بەرگریـــەك لەخۆیان بکەن، لەبەر ئـــەوەی کەئەوان هیچ جۆرە یاســـایەك بەرگریان لێناکات لەلایەن کۆمەڵگاوە وەك تاوانبارێك تەماشایان دەکەن و تەنیا تاوانیشیان ئەوەیە کە هەژارن وهەندێك جارهەبووە لەکاتی ئەنجامدانی کاری سێکسی دا تووشی خوێنبەربوون هاتوون نەیان توانیوە بچن بۆنەخۆشـــخانە، بەڵکو لەناومالاًندا چارەسەریان بۆکراوە.

**(ی ): ئەگەر ساتەکانی تەمەن بگەڕێتـــەوە دواوە هەرگیز هەڵەی وەها دووبارە ناکەمەوە چونکە ئێستا زۆر پەشیمانم.**

خاتوونێکی سپی قژ زەرد کە کورد بوو بەناوی(ی) خۆی پێناســـاندم ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ســـەرەتای هاتنی بۆ ناو ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆتەمەنی هەرزەکاری کە زۆرحەزی لە ماکیاژ بوو، بەڵام پارەی پێنەبوو . ئـــەو دەڵـــێ : دوکاندارێك فێڵی لێکردم و لەرێگەی راســـت لایدام کردمی بە ئافرەتێکی لەشفرۆش . دواتریئەمیـــش وەك هەزاران ئافرەتی تر تووشـــی ئەم حاڵەتە رووی کردە کاری لەشفرۆشی، چونکە لەتەمەنی هەرزەکاریدا پێویســـتی بە پارە بوو بۆ کڕینی ماکیاژو خێزانەکەشیان هەژار بوو ئێستا زۆر پەشـــیمانە و ئەگەر تەمەنیش بگەڕێتەوەدواوە و ساتەکانی رابردوو دووبارە ببنەوە، ئەوا هەرگیزهەڵەی وەهاناکات، بەڵام دایك وباوکی نەیان دەزانی کە ئەم کاردەکات، بەڵام ئێســـتا دەزانن چونکە ئەم لەکاتێدا کەدەچێت بۆ کارەکەی پارەیـــان بۆدەهێنێتەوە وهاوکای ماددییان دەکات و ئەوانیش هەژارن ناچارن قبوڵی بکەن .

**(س): پارەیان نەبووە باوکە نەخۆشـــەکەیان چارەسەربکەن بۆیە چوار کچ دەستیانکردووە بەکاری لەشفرۆشی**

خاتوونێکـــی تر بەناوی (س) خۆی پێناســـاندم ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ماوەی چوارساڵە کاری لەشفرۆشی دەکات کاتێك باوکی تووشی نەخۆشی دەبێت و پارەی چارەسەری پزیشکیان نابێت و داوای یارمەتی دەکەن کەس یارمەتیان نادات و ناچار دەبن کە خۆی و دووخوشـــکی دەســـت بەکاری لەشفرۆشـــی بکەن، هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ ئـــەوەی کەکەس لەم وڵاتە هاوکاری خەڵکی هەژار ونەخۆش ناکات بۆیە ئەوان ناچارن بۆدابینکردنی بژێوی ژیانیان کاری سێکســـی بکەن، ئەگەرکەســـێك هەبوایە لەم شارەدا تۆزقاڵێك هاوکاری بکردینایە، ئەوا پەنامان نەبردە بەکاری لەشفرۆشی.

**(ف) : نەبوونی رۆشنبیری سێکسی هۆکارێکە بۆهەڵەکردنی کچان لەم کۆمەڵگەیەدا.**

(ف) : کەتەمەنی نزیکەی بیست ساڵان دەبوو وای دەبینی کە ئەوتاوانبار نییـــە، بەڵکو کۆمەڵگا تاوانبـــارە، چونکە ئەوان وەك کچـــان لە ناو ئەم کۆمەڵگادایەدا هیچ جۆرە رۆشـــنبیریەکیان دەربارەی ســـێکس لەبەر ئەوە کاتێك کە کەسێك باسی سێکسیان بۆ دەکات یەکسەر دەکەونە ناوکاری هەڵەوە . ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کەئەو سەرەتا کاتێك قوتابی ناوەندی بووە کوڕێك توانی لەخشـــتەی بەرێت، چونکە ئەم هیچ جۆرە رۆشنبیریەکی دەربارەی ئەو جۆرەشـــتانە نەبوو، لەخێزانێکدا ژیانی بەسەر دەبرد و خێزانەکەیان زۆر داخراو بوو.

**(ه) : بۆبەخێوکردنـــی منداڵەکانی ومێردە نەخۆشـــەکەی لەشفرۆشـــی دەکات**

(ه) : کەتەمەنی نزیکەی سی ساڵە ئاماژەی بەوەدا کەئەو لەبەر نەبوونی و هەژاری رووی کردۆتە ئەم کارە ناپســـەندەو نەشیاوە، چونکە مێردەکەی نەخۆشـــە و توانای کارکردنی نییە ومنداڵەکانی تەمەنیان وردە هەمیشـــە پێویستیان بە مەسرەفی زۆرە و کەسیش هاوکاریان ناکات . تەنانەت ئەوپیاوە سەرمایەدارانەی کەخۆیان بەخێرخواز دەزانن هیچ بۆخەڵکی هەژار ناکەن ئیتر ئەو چۆن بتوانێت خێزانێك بەخێو بکات، بۆیە ناچاربووە بۆتەلەشفرۆش.


کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٨٠٣)
٢٠١٠/١٠/٢٥
٣٠